## لەگەڵ زۆربەی تێبینیەکان ناکۆکین

# فراکسیۆنی شیوعی: لەگۆڕانکاریەکانی ڕەشنووسی دەستوور بێ ئاگاین

هێمن مامەند

**ڕۆژی 24ی ئەم مانگە پەرلەمانی کوردستان، بە زۆرینەی دەنگ کە لە هۆڵی کۆبونەوەکان لەکۆی 111پەرلەمانتارە 97یان ئامادەبوون جگە لە نوری تاڵەبانی تێکرا دەنگیان بۆ دەستووردا و دەستوری هەرێمی کوردستان پەسەندکرا، بڕیاریشە ڕۆژی 7\25 لە گەڵ هەڵبژاردنەکەی پەرلەمان ڕاپرسی لە دەستوور بکرێت، ئەوەی جێگەی سەرنجە دوای ئەوەی لەهۆڵی پەرلەمان دەنگیان بۆدەستووردا کەچی لە بەیاننامەیەکدا فراکسیۆنی سوور نارەزایی بەرامبەر بەم دەستوورە دەربریوە و بێ ئاگایی نوێنەرانیان لە لیژنەکان دەربڕیوە**



لە بەیاننامەکەی فراکسیۆنی شیوعی کە وێنەیەکی دەست بارزان کەوتووە تێیدا هاتووە " لە میانەی دواترین گفتوگۆسەبارەت بە ئامادەکردنی ڕەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستان، لەدوا ساتەکانی گفتوگۆکان هەندێ ئاڵوگۆر ئەنجام دراوە، کە نوێنەرانمان لە لیژنەکە بێ ئاگابوونە لێیان و ناکۆکیشن لەگەڵ زۆربەی ئەو تێبنیانەی کە ئاراستەی لێژنەی ئامادەکردنی دەستوورکران، یەکێک لەو ئاڵوگۆرە پەیوەندی بە کۆپی کردنی ئەو دەقەیە کە ماددەی دووی دەستووری عێراقی فیدراڵ داهاتووە و لەشوێنی ماددەی (6)ی رەشنووسی دەستوری هەرێمی کوردستان دانراوە"

هەر لە دەقی بەیاننامەکەدا هاتووە ئەم دەقە کە لە دەستووری عێراقی فیدراڵەوە گوێزراوەتەوە تایبەتمەندی بۆکۆمەڵگای کوردستان ومۆرکی ژیانی سیاسی کوردستان ناهێڵێ، جگە لەوەی لە لایەن چەندین پسپۆری بواری دەستووردا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە، کە بەندەکانی ئەم دەقە ناکۆکن لەگەڵ یەکتریدا ولە ئاکامی سازشی سیاسی لە دەستووری عێراقدا دانراوە، جگە لەوەی کە دەستەواژەی (ثوابت الاسلام)لایەنی ئەحکامی عقائدی دەگرێتەوە، لە بواری ئەو بابەتانەی پەیوەندییان بەرێکخستنی ژیانی خەڵکەوە هەیە، ئەوا بەردەوام دەرگای ئیجتیهاد لە سەر بنەمای بەرژەوەندی خەڵک لە ئیسلامداوە کراوەتەوە،جگە لەوەی لە هەڵومەرجی ئەمرۆدا دانانی هەرمەسەلەیەک بە (ثوابت)کە لە لایەن مرۆڤەوە دەکرێ هەر چەند پسپۆر بێ، لە ئارەزووو خولیای سیاسی و تێروانینی ئەو کەسە بە دوورنییە ودانابرێت.

لە بەشێکی تر بەیاننامەکەدا هاتووە " جێگای سەرسوڕمانە لە بواری (الحقوق الاساسیە) لە فەسڵی یەکەم کە سەبارەت بە مافە مەدەنی وسیاسیەکانە، لە ماددەی (19)بڕگەی هەژدەم خاڵی 3 لابراوە

ئەو خاڵە لابراوە، کە گرنگە بۆپاراستنی مافە مەدەنی و سیاسییەکان، پێداویستی ئەم خاڵە لەوەوە هاتووە، کە بە شێوازێکی پراکتیکی لە کۆمەڵگاو ژیانی سیاسی کوردستاندا، هەندێک گروپ و کەسانی توندڕەو ئایدۆلۆژیای ئاینییان بەکارهێناوە وبەداخەوە پەنایان بردۆتە دەقە پیرۆزەکان بۆمەبەستی بەرتەسکی حیزبایەتی خۆیان . ئەمەش ناکۆکە لەگەڵ پاراستنی مافە مەدەنی وسیاسیەکان،سەرەرای (تحفوزات)مان لەسەر ئەم دووخاڵە نوێیە کە دەچێتە خانەی جۆرێک لە فشارەوە نە وەکو تەوافوق، تێبینیەکانی دیکەمان،ئێمە لە روانگەی پێداویستی بوونی دەستووری هەرێمی کوردستان، بوونی مانۆری جۆراوجۆر بۆ دواخستنی وهەست کردنمان بە بەرپرسیاری نیشتیمانی، رێگرنابین لە بەردەم بریاردانی رەشنووسی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان و، لە داهاتووشدا کار بە شێوەیەکی یاسایی لە نێوپەرلەمان و لەدەرەوەیدا دەکەین بۆهەموارکردنی ئەو دەستوورە بەئاقارێکی عەلمانی و مەدەنی و دیموکراتی تر " سەرەڕای هەموو ئەو گلەیی و تێبینیانەو دەقی ئەو بەیاننامەیە کەچی شیوعیەکان دەنگیان بۆ دەستووردا لەو بارەیەوە دیلمان ئامێدی ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە سەر لیستی شیوعی وتی " راستە ئێمە دەنگمان بۆدەستووردا، بەڵام دەستوورەکە 122ماددەیە ئێمە رەنگە هەر لە سەر ئەو دوو ماددەیە گلەیی و تێبینیمان هەبێت " دیلمان وتیشی ئەم دەستوورە لەسەر ئەساسی رازی کردنی هەموو چین و توێژەکان و لایەنی ئیسلامی و عیلمانیەکان بووە بۆیە بەم شێوەیەی لێ بەسەرهات، بەڵام ئەو دووماددەیە جیاوازی هەیە لەگەڵ دیموکراسی و ئەشکالات دروست دەکات،ئێمە دەمانەوێت دەستوورێکی پێشکەوتوو شارستانی و مەدەنی بێت، رەنگیشە لە ئایندەدا زۆر یاسا هەبێت نەتوانرێت لەپەرلەمان دەربچێت لەبەر ئەم دوویاسایە "

لەبەرامبەر ئەو بەیاننامەی فراکسیۆنی شیوعی عەدنان موفتی وتی " پرۆژەی رەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستان نە بە تەوافوقە و نە بە فشاریش پەسەندکراوە، بەڵکو ئێمە هەموو تێبینی لایەنەکانمان رەچاوکردووە، بەڵام شیوعییەکان تێبینیان هەیە منیش خودی خۆم تێبینیم هەیە لە داهاتووشدا ئەم دەستوورە قابیلی هەموارکردنە"

## عەبدولقادر بازرگان. سەرۆکی لیستی چاکسازی تورکمانی

# ئەگەر تورکمانەکان بەلیستێک بەشداری هەڵبژاردنیان بکردایە ئێمە زەرەرمان دەکرد

دیمانە: شوان سدیق



سەرۆکی بزووتنەی چاکسازی تورکمان عەبدولقادر بازرگان لە هەمانکاتدا سەرۆکی لیستی چاکسازی تورکمان کە ئێستا دوای چەندین ساڵ بەشدارینەکردنیان لە پەرلەمان، بەڵام لەهەڵبژاردنی ئەم جارەی پەرلەماندا وەک لیستی چاکسازی تورکمان دەیانەوێت نوێنەریان هەبێت لەپەرلەمان"، عەبدولقادر بازرگان لەدیدارێکیدا لەگەڵ (بارزان) سەرەتا باسی لە بەشداریکردنی لیستەکەیانیکرد. وتی"وەکو بزووتنەوەی چاکسازی تورکمان لیستێکمان دامەزراندوە، لە هەمانکاتدا لیستەکەمان بەناوی لیستی چاکسازی تورکمانە ئێمە لەبەر ئەوەی ئەو لیستەمان دامەزراندوە ئەو لەویەتمان هەیە، چونکە ئێمە لەساڵی 2005 چاکسازییەکمان کرد لەناو جەبهەی تورکمانی عێراقیدا ئەو چاکسازییە هەموو دامودەزگاکانی گرتووە، کەواتە ئێمە پارتێکین بەشێکی زۆر لایەنگرو ئەندامامان هەیە، هەروەها ئێمە لەساڵی 2005 تا ئێستا بەشداری هەڵبژاردنمان نەکردووە، ئەوە یەکەمین جارە بەشداری هەڵبژاردن دەکەین".

سەرۆکی لیستی چاکسازی تورکمانی تیشکی خستەسەر چۆنییەتی بەداریکردنی کاندیدکراوەکانیان بۆ پەرلەمان و روونیکردەوە" لیستەکەشمان پێکهاتووە لە پێنج کەس ئەو پێنج کەسە ئەندامیشمان بەشدار پێکردووە لە ئەترافەکانی دیکەیە، بۆنموونە کەسی دووەمان لە گردبوونەوەی تورکمانانی بێلایەنە شەخسێکی دیکەشمان بەشدار پێکردووە، کە سایەتییەکی ناوداری شاری هەولێرە، ئەویش سەید خەنجەرە کەواتە لیستەکەی ئێمە تەنیا چاکسازی نیە بەڵکو شموولیشە، بەڵام لەبەر ئەوەی زۆرینەی لەبزووتنەی چاکسازییە ئێمە لیستەکەمان ناوناوە لیستی چاکسازی تورکمانی".

تورکمانەکانی هەولێر و کوردستان ئێستا بەچەند لیستێک بەشداری هەڵبژاردنەکانی هەرێمیانکردووە لەوەڵامی ئەوەی ئایا باشتر نەدەبوو تورکمانەکان بەیەک لیست بەشداری هەڵبژاردنیان بکردبایە سەرۆکی لیستی چاکسازی تورکمانی عەبدولقادر بازرگان پێی باشە هاوشێوەی ئەحزابە کوردییەکانی تر تورکمانەکانیش بەجیا بەشداری هەڵبژاردن بکەن، بۆ ئەوەی سەنگی خۆیان بزانن، وتیشی" سەلاحەتەن باسی بکەین وەک خەڵکی تورکمان و ئەحزابی تورکمانی بۆچی بەیەک لیست بەشدارییان نەکردووە پێمانوایە مەرج نییە هەموومان بەیەک لیست بەشداری بکەین ئەگەر سەیری حیزبەکانی تربکەین ئەمڕۆ لەکوردستان دەیان ئەحزابی ئیسلامی و کۆمۆنیست و دیموکراتی هەیە حیزبەکانی ئێمەش بەتایبەتی بزووتنەوەی چاکسازی تورکمانی سەد لەسەد تەمسیلی میلەتی تورکمان دەکات و پشتگیری لە هەرێمی کوردستان دەکەین، هیچ پەیوەندیشم بەوەنییە کە ئەترافەکانی دیکەی تورکمان تاچەند پشتگیری کوردستان دەکەن، هەرچەندە لایەنی تورکمانی تریش هەیە بەڵام ئەوان بۆچوونی تایبەتی خۆیان هەیە".

عەبدولقادر بازرگان هۆی بەشدارینەکردنی تورکمانەنەکانی بەیەک لیست زیاتر روونکردەوە کە" مافی تورکمانەکان خۆی پێنج کورسییە بەڵام لیستە تورکمانەکانیش ئەو کات لە چوار لیست کەمتر نەبوون چۆنی هەڵدەبژێریت لەو کاتەدا هەرلیست و کورسییەکی بەردەکەوێت، ئەمە لێرەدا جۆرە نارۆشنییەکی پێوە دیارە، چونکە ئەو حیزبەی جەماوەری هەبێت و ئەوەشی نەیبێت، هەموویان کورسی بەردەکەوێت، بەڵام لەوانەیە ئێستا حیزبی چاکسازی تورکمانی لەوانەیە -3 5 کورسی بەدەست بێنێت، ئەوکات کورسییەکی بەردەکەوت، بۆیە وتمان باهەر تەرەفێک بەتەنیا بەشداری بکات، بۆ ئەوەی بزانرێت کێ تەمسیلی تورکمانی دەکات و بیسەلمێنێت باشتر".

**ئەو تەلەفزیۆنەی ئێستا هەیە لە ئیتاڵیا هێناومانە و ئامادەنین ریکلام بۆ لیستە تورکمانییەکانی تر بکەین**

سەرۆکی بزووتنەوەی چاکسازی تورکمان ئەوەشی نەشاردەوە" ئەگەر تورکمانەکان بەیەک لیست بەشداری هەڵبژاردنیان بکردبایە تەنیا بزووتنەوەی چاکسازی تورکمانی زەرەرمەند دەبوو. لەبەر ئەوەی ئەو کورسیانەی دراوە بەتورکمانەکان دەبوایە لەکاتی دابەشکردنیاندا، هەر لیستێک کەسێکی کاندیدبکردایە بزووتنەوەی ئێمەش لایەنگرێکی زۆری هەیە و هەموو دام دەزگا راگەیاندنە کانیش لە هەولێر ئێمە سەرپەرەشتی دەکەین، هەر لەبەرئەوە زەرەرمەند دەبووین".

لیستی چاکسازی تورکمانی کە عەبدولقادر بازرگان سەرۆکییەتی ئێستا پێنج کەسی دەستنیشانکردووە بۆ پەرلەمان، بەڵام ئەوەی لایی زۆرێک لەتورکمانەکان بووە، بەجێگای پرسیار ئەوەیە بۆچی ئەو لیستە کەسێکی عەرەبیان بەشدار پێکردووە لە نێو لیستەکەیان، هەرچەندە عەبدولقادر نکۆڵی لەوە ناکات کەسەید خەنجەری کاندیدکراو لە لیستەکەیان بەرەگەز عەرەبێت، بەڵام ئەو دەڵێت" سەید خەنجەر ئەو کەسایەتییە سەد دووسەد ساڵە لە شاری هەولێر دادەنیشێت و دایکی تورکمانە بەڵام بەبنەچە عەرەبن ئێستاش فێری تورکمانی و کوردی بوون، پێموایە شتێکی ئاساییە زۆر عەرەب هەبووە، بووە بەکورد، تورکمانیش هەبووە بووە بەکورد ئەم گۆڕانکاریانە لەژیاندا بەمروری زەمەن بووە".

تورکمانەکانی کوردستان بەتایبەتی ئەوانەی شاری هەولێر ئێستا چەند لیستێکیان پێکهێناوە و رکابەری یەکتر دەکەن بۆ بەدەستهێنانی کورسی زیاتر لەپەرلەمانی کوردستان، هەرچەندە بەشی تورکمانەکان بەگشتی پێنج کورسیە، لەو بارەیەوە سەرۆکی لیستی چاکسازی تورکمانی کە یەکێک لەلیستە تورکمانییەکانی کوردستانە باس لەوە دەکات کە" ئێمە بەسەلاحەتەن داوای هەر پێنج کورسییەکەی پەرلەمان دەکەین و پێشبینی ئەوەش دەکەین هەر پێنج کورسییەکەی پەرلەمان بەدەست بهێنین "، عەبدولقادر وتیشی" بەڵام ئەگەر لەروانگەی ئیشکردنەوە لێی بڕوانین ئەوا دەکەوێتە سەر پێش بینییەکانی دەنگدان و چۆنیەتی دەنگهێنانی لیستەکەمان"، نابراو ئەوەشی وت" ئێمە هەر قسەیەکیش دەکەین سەیری پارت و لیستەکەی خۆمان دەکەین، لەبەر ئەوەی هەڵەی سیاسیمان نییە و هیچ پەیوەندییەکمان لەگەڵ دەوڵەتە ئیقلیمیەکانی تر نییە، پێیشموایە ئەمڕۆ خەڵکی تورکمان کەسانێکیان دەوێت تەمسیلی تورکمانەکان بکەن و خەڵکیان خۆش بووێت، گرنگتریش ئەوەیە ئێمە لەناو خۆیشماندا هاوسەنگی بپارێزین".

سەرۆکی لیستی بزووتنەوەی چاکسازی پێشتر ئەوەی راگەیاندووە کەئەوان پارەیان قەرزکردووە بۆ پروپاگەندەی هەڵبژاردنەکان هەرچەندە ئەو سەرەتا ئەوەی رەتکردەوە کەهیچ لایەنێک هاوکارییان بکات بەڵکو خۆمان لە گیرفانی خۆمان پەرە بەئیش و کارەکانمان دەدەین، بەڵام دواتر لەبەراوردی ئەوەدا ئایا پارتێکی لەو شێوەیە ئەگەر هاوکاری نەکرێت، چۆن دەتوانێت سیاسەتی حیزبەکەی تەنانەت ئەگەر لەڕووی راگەیاندنیشەوەبێت چۆن دەبات بەڕێوە"، عەبدولقادر بارزگان سەرەتا نەیوست ئاشکرای بکات ئەو نموونەی ئەوەی هێنایەوە کە کاتێک پرسیاری ئەوە لەئافرەت دەکرێت تەمەنت چەندە دڵگران دەبێت یان پرسیاریش لە پیاو بکرێت مانگانەت چەندە بەسەلاحەتەن ئەوش دڵگران دەبێت، بۆیە بەراشکاوی حەزناکەم بودجەو میزانییەکەی

**مانگانە دەفتەرێک دۆلار لە حکومەت وەردەگرین و 1000 ئەندامیشمان موچە وەردەگرێت**

خۆمان ئاشکرا بکەم".

هەر لەدرێژەی ئەو پرسیارانەی لەسەر ئاشکراکردنی بودجەو داهاتی بزووتنەوەکەیان بەبیانووی ئەوەی ئەوان باس لە ریفۆرم و چاکسازی دەکەن و وەک خۆی لەوەڵامەکانی پێشتریشدا باسیکرد کە خەڵکی تورکمان لەگەڵ ئەو کەسانەن راستگۆیانە مامەڵە بکەن، بۆیە عەبدولقادر بازرگان لەوەڵامی ئەو پرسیارەدا روونیکردەوە کە بزووتنەوەیەکەیان لەدوای ئەوەی پاشەکشەیان لە جەبهەی تورکمانی کردوە، ئەوان ئێستا لەگەڵ ئەوەی تەلەفزیۆن و راگەیاندنیان هەیە وەک خۆی وتی" ریکلاماتمان هەیەو مانگانەش لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە (10.000) دۆلار وەردەگرین"، سەرۆکی بزووتنەوەی چاکسازی تورکمان. هێماشی بۆ ئەوەکرد کە" حەزیشناکەم زۆر قسە لەسەر بواری ماددی و ئیداری بکەم لەبەرئەوەی ئیشی ئێمە ئیشێکی سیاسییە بەڵام حکومەت و هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار باش دەزانن بودجەی ئێمە چەندە، بێگومان بودجەی ئێمەش بەقەد ئەندامانی خۆمانە و ئەندامانمان زۆر زۆرن، بەڵام ئەوەی دەمەوێت ئاشکرای بکەم (1000)کەس لەبزووتنەوەی چاکسازی موچەی حکومەت وەردەگرن".

دوای ئەوەی بەرەی تورکمانی عێراقی لەکوردستان هەڵوەشایەوە و بەرەوپووکانەوە رۆیشت، بەڵام ئەو بەرەیە لەڕووی دەزگاو دامەزراوەو رۆژنامەو رادیۆ و تەلەفزیۆنی تایبەتی هەبوو ئێستا وەک باس دەکرێت، بەشێک لەلایەنە تورکمانەکان باس لەوە دەکەن، ئەو تەلەفزیۆنەی بزووتنەوەی چاکسازی هەیەتی هەمان تەلەفزیۆنی سەردەمی بەرەی تورکمانی عێراقییە، بەڵام سەرۆکی ئەو بزووتنەوەیە ئەوە رەتدەکاتەوە و دەڵێت" کاتی خۆی کە خۆم لەبەرەی تورکمانی بووم لەهەمانکاتدا ئەندامی تەنفیزی ئەو جەبهەیە بووم لەبەرواری 2005/4/5 کە ئیشقاقمانکرد لەجەبهەی تورکمانی بەهەموو مافەکانەوە ئیشیقاقمانکرد ئەوکات بەڕێوەبەرایەتی پاسەوان و تەلەفزیۆن و رادیۆو رۆژنامە هەموویان پشتیوانی ئێمەیانکرد وەک بزووتنەوەی چاکسازی تورکمانی، بێگومان ئەو تەلەفزیۆنەی ئێستا هەیە تەلەفزیۆنی بزووتنەوەی چاکسازی تورکمانە نەک تەلفزیۆنە کۆنەکە کە 15ساڵ بوو ئەوکات هی بەرەی تورکمانی بوو، بەڵام ئەوەی ئێستا هی ئەو سەردەمە نییە، بەڵکو ئەوەی سەردەمی بەرەی تورکمانی ئێستا پارچە ئاسنێکە کە تووە"،

عەبدولقادر بارزگان سەرۆکی بزووتنەوەی چاکسازی تورکمانی زیاتر تیشکی خستەسەر مەسەلەی تەلەفزیۆن و رادیۆکە کە ئێستا لایەنە تورکمانییەکان زۆر باسی لێوە دەکەن. روونیکردەوە" ئەوەی ئێستا هەیە تەلەفزیۆن و رادیۆمان لە ئیتالیاوە هێناوە و دامان مەزراندووە، نەک ئەوەی سەردەمی بەرەی تورکمانی هەرچەندە ئەو تەلەفزیۆنە تەلەفزیۆنی هەموو تورکمان و کوردستانیەکە، بەڵام لەکاتی هەڵبژاردندا تەنیا پڕوپاگەندە بۆ پارتەکەی خۆی دەکات کە بزووتنەوەی چاکسازییە، ئەمەش وەک تەلەفزیۆنە حیزبیەکانی تر ئێمەش لیستی خۆمان هەیە، بەڵام ئامادەنین ریکلام بۆ لیستێکی تر بکەین"، عەبدلقادر ئەوەشی باسکرد" لەم رۆژانەدا هەندێک ئەترافی تورکمانی داوایان لێکردووین کە رێکلامیان بۆ بکەین، ئێمەش وتوومان بەخوا خۆمان لیستمان هەیە. بەڵام ئەوەی ئەوان داوای دەکەن، پێموایە ئەمە وەک ئەوە وایە ئێمە بڕۆین لەناو تەلەفزیۆنی یەککگرتوودا ریکلام بکەین، چۆن قەبووڵ دەکرێت".

دوای ئەوەی بەشێکی زۆر لە لیست و کیانەکان دەنگدانی خۆیان بۆ یەکێک لەکاندیدکراوەکانی سەرۆکایەتی هەرێم ئەویش مەسعود بارزانییە راگەیاند، عەبدولقادر بارزگان کە سەرۆکی بزووتنەی چاکسازی تورکمانی و لەهەمانکاتیشدا سەرۆکی لیستی چاکسازی تورکمانیە وەک خۆی وتی" لەبەر ئەوەی ئێمە کەسمان دەستنیشان نەکرد بۆ سەرۆکایەتی هەرێم بۆیە بڕیارمانداوە دەنگ بە مەسعود بارزانی بدەین"، رونیشکردەوە پێمانوایە مەسعود بارزانی بۆ سەرۆکایەتی هەرێم شیاوە و کەسایەتییەکی دیاری کوردستانی و عێراقیەو کە دەتوانێت، لەئاستی بەرپرسیارێتیدا مامەڵە بکات".